# شەش گرووپی کاری ئاسایشی و هەواڵگریی ئیسرائیل سەرنجیان خستەوە سەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی

**نووسەر: "فەرهاد میرمحەممەدسادقی" (Farhad Mirmohammadsadeghi)/** یۆرۆنیوز

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** پێنووس

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاکسیۆس، بە پشتبەستن بە سێ بەرپرسی باڵای ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دوو هەفتە لەمەوبەر فەرمانی پێکهێنانەوەی گرووپەکانی کاری ئێران کە لە ئەندامانی دەزگەکانی بەرگری و هەواڵگریی ئیسرائیلی پێک هاتووە، دەرکرد بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بێت و ئێستایش شەش گرووپی کار سەرنجیان لەسەر ئەم بابەتەیە.

بە وتەی چوار بەرپرسی ئیسرائیلی و ئەمریکی، ئەم دوو وڵاتە نیگەرانن لەوەی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و سەرنجخستنە سەر ئەم ڕووداوە، بقۆزێتەوە بۆ پێشخستنی بەرنامەی ئەتۆمی و تەنانەت بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی.

ئەم بەرپرسانە دەڵێن، پێ دەچێت سەرنجی سەرکردەکانی ئەمریکا لەسەر بانگەشەکانی هەڵبژاردن و درێژەدان بە قەیرانی غەززە بێت و لە ئەنجامدا لەم کاتەدا ئەستەمە بۆیان بتوانن وەڵامێکی بەپەلەی چالاکی و پێشهاتە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەنەوە. هەروەها ئەم بەرپرسانە دەڵێن نیگەرانیی ئەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو دەرفەتەی کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بەهۆی گۆڕینی حکوومەتەوە دروست دەبێت، بەکار بهێنێت بۆ هەنگاونان بەرەو خاوەندارێتیی چەکی ئەتۆمی. هەروەها ئەکسیۆس بە پشتبەستن بە پێنج بەرپرسی ئیسرائیلی و ئەمریکی ڕای گەیاند کە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا سەبارەت بە ئێران، لە مانگی تەممووزدا بەڕێوە دەچێت. جێگەی ئاماژەیە هەفتەی ڕابردوو کۆشکی سپی هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاند بەهۆی ئەو تۆمەتانەی کە بنیامین ناتانیاهۆ لە دژی حکوومەتی بایدن خستبووە ڕوو، کە ئەم ئیدارەیەی تۆمەتبار کرد بە نەناردنی چەک بۆ ئیسرائیل. دوا بە دوای ئەم هەواڵە، یۆئاڤ گالانت لە سەروبەندی گەشتەکەیدا بۆ ئەمریکا لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی بایدن قسەی کرد؛ ئێستایش هەرچەندە تا ئێستا وادەی کۆبوونەوەکە دیاری نەکراوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزدا بەڕێوە بچێت؛ ئەمەیش پێش وتارەکەی نەتانیاهۆ دەبێت کە بڕیارە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا لە ٢٤ی تەممووزدا ئەنجامی بدات.

کۆبوونەوەی "گرووپی ڕاوێژکاریی ستراتیژیی ئەمریکا و ئیسرائیل" بەهۆی پەرەسەندنی نیگەرانییەکانی ئیسرائیل لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بەڕێوە دەچێت و، بڕیارە شاندێکی باڵای ئیسرائیل بە سەرۆکایەتیی تزاچی هەنگبی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و ڕۆن دێرمر، وەزیری کاروباری ستراتیژی، بچنە واشنتۆن

بۆ ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە.

**بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەژێر پەردەی توێژینەوەی ئەکادیمی (“under an academic umbrella”)**

یەعقووب ناگل (Yaakov Nagel) ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی بنیامین نەتانیاهۆ و ئەندامی باڵای دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسییەکان (Defense of Democracies) کە تا ئێستایش لە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل نزیکە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە مانگەکانی ڕابردوودا دەیان زانای ئێران لەسەر ئەو پرۆسانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی پێویستن، کاریان کردووە. ناوبراو بە ئاکسیۆسی وتووە “ئەم چالاکییانە لەژێر پەردەی توێژینەوەی ئەکادیمیدا ئەنجام دەدرێن؛ بە شێوەیەک بەرەوپێش دەچن کە وا دەربکەوێت ئامانجی مەدەنیی هەبێت”. ناگل دەیشڵێت: بەپێی خەمڵاندنی دەزگە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، پێ دەچێت عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بە ئامانجی ڕەتکردنەوەی ئەو چالاکییانە و لە ئەستۆنەگرتنی ئەو بەپرسیارێتییە، هێشتا بەڕاشکاوی ئەو چالاکییانەی پشتڕاست نەکردۆتەوە.

**چ گرووپێکی کارکردن پێک هێنراوە؟**

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاکسیۆس، بە فەرمانی نەتانیاهۆ شەش گرووپی کاری پێک هێنراون و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیل بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنیان. ئەم شەش گرووپە کارییە بریتین لە:

– گرووپێک بە سەرۆکایەتیی مۆساد (ڕێکخراوی هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان-Mossad) مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و بەتایبەتی پرسی ئەگەری چالاکییە سەربازییە ئەتۆمییەکان دەکەن.

گرووپێکی دیکە بە سەرۆکایەتیی “شین بێت” (دەزگەی ئاسایشی ئیسرائیل- Shin Bet) بەرپرسە لە ئۆپەراسیۆنەکانی دزەکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلدا. بەپێی ڕاپۆرتی دەزگە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل، ئەم ئۆپەراسیۆنە دزەکردنە، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا چڕتر بووەتەوە.

– گرووپەکانی دیکە کار لەسەر بواری هەواڵگری و ئەلیکترۆنی و چالاکییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، هەروەها هاوکارییەکانی ئێران لەگەڵ حزبوڵڵا و حووسییەکانی یەمەن و گرووپە میلیشیاکانی سووریا و عێراق دەکەن.

**سەرچاوە:**

https://parsi.euronews.com/